# بێکاری و دەرئەنجامە ئابووریەکانی لەگەڵ ئاماژەیەکی تایبەت بە هەرێمی کوردستانی عێراق

د . محمد رۆوف سعید
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
کۆلیجی کارگێڕی و ئابووری ـ زانکۆی سلێمانی ـ

## پێشەکی

لە هەر وڵاتێکدا سەرچاوەکانی کە هێزی کار دیاری دەکات بریتی‌یە لە دانیشتوانی وڵات و ڕێژەی دانیشتوان لە تەمەنی کار کردن دوای بەدەرکردنی چەندین توێژی جیاجیا لەنێویان.

ئەگەر چی هێزی کار لەهەر وڵاتێکدا وزەی بەرهەم هێنەرە بەڵام هەندێ کات بۆ ماوەیەك کەم یان زۆر بەشێ لە هێزی کار بێ کار دەمێنێتەوە لە دەر ئە نجامی نەگونجانی هەلی کارو تواناو لێهاتویی ئەوانەی کاردەکەن یان گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونیان یاخود ئالوگۆڕ پێکردنی جۆری کارەکان بە هۆی بەکار هێنانی تەکنولۆژیای نوێ کەوا دەکات پاڵ بنێ بەکۆمەڵێ لە کارکەرانەوە جۆری کارەکانی خۆیان بگۆڕن یان شوێنی کارکردنیان بگوێزنەوە ئەمانەو چەندین جۆری بێکاری تر کە هەریەکە و هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەدەر دەکەوێ کە بریتی‌یە لە جەخت کردن لەسەر پەیڕو کردنی باشترین شێوەی دابەش کردنی هێزی کارو دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ چارە سەر کردنی دیاردەی بێ کاری لە کوردستاندا کەببێتە هۆکاری زیاتر خزمەت گەیاندن بە ڕەوتی ئابووری لەم هەرێمە.

گرفتی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە نارێك و پێکی دابەش کردنی هێزی کارو بەربڵاوی دیاردەی بێ کاری دەبینێتەوە بەتایبەتی بێ کاری روو پۆشراو کە گرفتێکە چەندین گرفتی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێ وەك کەم بوونەوەی دەرامەت و هاتنە خوارەوەی ئاستی گوزەران و چەندین کێشەی ناڕاستەوخۆ و لاوەکی دیکەی تر .

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لەوەی ئەگەر هاتوو سیاسەتێکی گونجاوی خەرجی گشتی گیرایەبەرو پێداچوونەوەیەکی ژیرانە کرا بۆ سەر لە نوێ دابەشکردنەوەی هێزی کار دەتوانرێت هەلی کار هێندە بڕەخسێنرێت ژمارەیەکی باش لە بێ کاران هەلی کاریان بۆ بدۆزرێتەوە و ڕێژەی بێ کاری روپۆشراو کەمبکرێتەوە .

لە بەر بار و دۆخی تایبەتی کوردوستان و نەبونی هیچ جۆرە داتایەکی ڕەسمی درووست کە پشتی پێ ببەسترێت ناچار توێژەر پشتی بە هەندێ ژمارەی نزیك لە واقیعەوە بەستوە کە دەرئە نجامەکانی سەرژمێریەکانە لە عێراق و داتا رەسمیەکانی کە بلاو کراوەتەوە لە دەستگای ئامێری ناوەندی عێراق و سەرژمێریەکانی کە دەزگاو رێکخراوەکانی سەربەنەتەوە یەکگرتوەکان کردویەتی بۆ مەبەستەکانی خۆی بۆ لیکۆڵینەوە لە واقیعی هێزی کارو حاڵەتی بێ کاری لە کوردوستاندا و دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ ئەو کێشانە .

**یەكەم :- دانیشتوان و هێزی كار.**

**دووەم:- بێ كاری هێزی كار و جۆرەكانی.**

**سێیەم:- دەرئەنجامەكانی بێكاری لە ڕووی ئابووریەوە.**

**چوارەم:- چۆن كاربكرێت بۆ كەمكردنەوەی بێكار.**

**پێنجەم:-كۆتایی.**

## یەكەم : ـ دانیشـــتوان و هێزی كـار

لــە هەر وڵاتێكدا كۆمەڵێك فاكتەر هەیە كە هێزی كـــار ســەرچـاوەی لێوەر دەگـــرێت كـە ئەمــانەی لای خـوارەوە گرنگترینیانە .

### أ- دانیشـــتوانی وولات :ـ

دیاره ســەرەكی ترین ســـەرچاوە بۆ هێزی كـار بریتی یە لـــە دانیشـــتوانی وولات ، وەك ئـــاشـــكرایە لــەگەڵ زۆر بوونیـدا قەوارەی هێزی كـــار زۆر دەكـــات ئــەگەر چی هەندێ جیاوازی هەیە لـە نێوان وولاتێك و وولاتێكی دیكـە كـە دەگەڕێتـەوە بـۆ جیاوازی ڕێژەی دابەشـــبوونی دانیشـــتوان بەســـەر توێژە جیاجیاكـانی كـە تەمەنەكـان جودایـان دەكـــاتەوە [1] ، ئـــەمە ئــەوە دەگەیەنێت كە مەرج نییە دوو وولات یـان دوو هەرێم ئـەگەر هاتوو قەوارەی دانیشـتوانەكەیان یەكســان بێت كەواتـە دەبێت قەوارەی هێزی كـــاریشـــیان یەكسان بێت بۆ نموونە مەرج نییە وولاتێك یان هــەرێمێك قـەوارەی دانیشـــتوانی چوار ملیۆن بێت قەوارەی هێزی كـاری یەكســـانبێت بەوولاتێكی تر دانیشـتوانەكەی بە هەمـان شـــێوە چوار ملێن بێت .

بۆ زیاتر ئاشــنابوون بە قەوارەی دانیشـــتوانی هەرێمی كوردوســتان و ڕێژەی دانیشـــتوانی ســەرجەم عـێراق و چۆنیتـی دابـەش بوونی بەسـەر هەرسێ پارێزگـــای هـەرێمی كوردســـتان و چـری دانیشـــتوانی پارێزگـاكـانی كوردوســـتان ( كەســێك / كم [2] ) خشـتەی ژمـاره ( ١ ) دەخەینە ڕوو كە دیاره چەندین گۆرانكـاری بەسـەردا هێنراوە جگە لە گۆرانكاریە سروشتیەكـان تایبەت بە گەشە كردنی سـروشتی دانیشـتوان بە هۆی هۆكـاره سـروشـتیەكـانەوە ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆكـاری سـیاسی وەك دابڕینی چەند قەزایەكی سەر بە پارێزگـاكـانی هەرێمی كوردستـان و لكاندنی بە پارێزگـاكـانی ترەوە كە بوەتە هۆكـاری كـەم كردنەوەی دانیشتوانی ئەم پارێزگـایانە و كەم بوونەوەی ڕێژەیان لە ئـاست دانیشـتوانی عێراق و ڕەنگدانــەوەی خـۆی هـەبووە بۆ سـەر پانتای خـاكی ئەم پارێزگـایانەو كـاردانەوەی هەبوە بۆسـەر ڕێژەی چڕی دانیشـتوان لەم پارێزگـایانە .

**خشـــتەی ژمـاره (١)دانیشـتوانی هەرێمی كوردسـتان**

**لـە سـاڵـەكـانی (١٩٧٧ ، ١٩٨٧ ، ١٩٩٣ ، ١٩٩٩ )**

| ساڵ | (١) دانیشتوانی عـێراق (ملیۆن) | (٢) دانیشتوانی كوردستان (ملیۆن ) | (٣) ٪ ١:٢ | (٤) دانیشتوانی پارێزگـای سلێمـانی (ملیۆن ) | (٥) ٪ ١:٤ | (٦) دانیشتوانی پارێزگـای هەولێر(ملیۆن) | (٧) ٪ ١:٠ | (٨) دانیشتوانی پارێزگی دهـۆك (ملیۆن) | (٩) ٪ ١:٠ | (١٠) چـری دانیشتوانی پارێزگـای سلێمانی كەسێك /كم٢ | (١١) چری دانیشتوانی پارێزگـای هـەولێر كەسێك /كم٢ | (١٢) چری دانیشتوانی پارێزگای دهوك كەسێك /كم٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ١٢,٤ | ١,٥٣٨ | ١٢,٤ | ٠,٧١٩ | ٥,٨ | ٠,٥٥٨ | ٤,٥ | ٠,٢٤٨ | ٢,٠ | ٤٣,٨ | ٣٧,١ | ٣٤,١ |
| ١٩٨٧ | ١٦.٣٣٥ | ٢,٠١ | ١٢,٣ | ٠,٩٤٧ | ٥,٨ | ٠,٧١٨ | ٤,٧ | ٠,٢٩٤ | ١,٨ | ٥٦ | ٥٣ | ٤٣ |
| ١٩٩٣ | ١٩,٤٧٨ | ٢,٥٥٩ | ١٢,٣ | ١,٢٢٧ | ٦,٣ | ١,٠٣٢ | ٥,٣ | ٠,٣٣١ | ١,٧ | ٦٩ | ٦٦,٢ | ٤٨,٥ |
| ١٩٩٩ | ٢٤,٧٥١ | ٣,٨ | ١٥,٣ | ١,٧٠٨ | ٦,٩ | ١,٥٥٩ | ٦,٣ | ٠,٥٢٠ | ٢,١ | | | |

لەبەر ڕۆشنایی زانیاریەكانی ئاماژەمان پێ كردوە لە پێناوتاوتوێ كردنی بابەتەكان و دیـاری كردنـی چارەسـەریەكان ئـەم توێژینەوەیە دابەش كراوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:-

## سەرچاوەکان


١-نتائج التعدات السكانيه فى العراق للاعوام ( ١٩٧٧-١٩٨٧).
٢- المجموعات الاحصائية للسنوات ( ١٩٧٧ ، ١٩٨٧ ، ١٩٩٣ ، ١٩٩٩) . الصادرة من الجهاز المركزي للاحصاء في العراق .


تێبینی :ـ لە پاڵ دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ( سلێمانی ، هەولێر ، دهۆك ) کە بە داتا رەسمیەکانی دەزگا حکومیەکانی عێراق دەردەچێت ، دانیشتوانی قەزاکانی خانوقین و کفری و هەندێ ناوچەی تر خراوەتە سەر پارێزگای سلێمانی وە دانیشتوانی قەزای ئاکرێ و شێخان و چەند ناوچەیەکی تر خراوەتە سەر پارێزگای دهۆك لە ئامادە کردنی خشتەیە تەنها بۆ ساڵی (١٩٩٩).

### ب- رێژەی دانیشتوان لەتەمەنی کار کردن :ـ

دیارە ئەم رێژەیە دەگۆڕدرێت لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر وە ئەم جیاوازیەیەش دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی رێژەی لە دایکبوون و مردن و دوا جار رێژەی زۆر بوونی دانیشتوان .

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ولە دەر ئەنجامی بەر پا بوون و پەرە سەندنی خزمەتگوزاریی تەندروستیەکان رێژەی مردن لە نێو دانیشتوان بەتایبەتی منداڵان و ساوایان ئێجگار کەمی کرد لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەگەر چی رێژەی لە دایکبوون لە نێو دانیشتوان وەك خۆی بەزۆری مایەوە ئەمە وای کرد قەوارەی دانیشتوان لەم وڵاتانە ئێجگار پەرە بسێنێت و ببێتە هۆکاری رووداني چەندین گۆڕانکاری دراماتیکی لە پێکهاتەی دانیشتوان لە رووی رێژەی تەمەنەکانەوە کە خۆی لە فراوان بوونی رێژەی تەمەنەکانی خوار تەمەنی کار کردنەوە ببینێتەوە ( کەمتر لە پانزە ساڵان ) وەببێتە هۆکاری زۆر بوونی کێشەو تەنگ و چەڵەمەکانی گەشە کردنی ئابووری [٢] ئەم دیاردانە کاتێك سەری هەڵدا قەوارەی دانیشتوانەکانی ئەم وڵاتانە بە رێژەیەکی بەرچاو بەرەو زۆر بوون رێچکەی گرتبوو .

### ج - رێژەی کارکردنی ژنان لە توێژی دانیشتوانی نێو تەمەنی کارکردن :ـ

لەبەر بوونی هەندێ نەریتی کە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو پێوەی گیرۆدەن وەك چۆن لە کوردوستانیشدا بەدی دەکرێت کەمتر ژنانی نێوتەمەنی کارکردن بەشداری لەچالاکیە ئابووریەکان دەکەن ،ئەمە وادەکات قەوارەی هێزی کار لەم وڵاتانە کەم ببێتەوە و رێژەیان لەئاست دانیشتوان کەم بکات .

### د - بێتواناو پەککەوتەکان :-

وەك ئاشکرایە لە هەروڵاتێکدا رێژەیەك لە دانیشتوان بە ئەوانەشەوە کە لەتەمەنی کار کردندان بە هۆی رووداني هەندێ رووداوەوە یاخود بە هۆی نائارامی وڵات و بوونی جەنگی ناوخۆو دەرەکی هەندێك لە خەڵکانی نێو هێزی کار بە هۆی ئەم رووداوانەوە پەککەووتە دەبن وە ناتوانن ئەرك و چالاکیە ئابووریەکان بەجێ بهێنن هەر بۆیە لە قەوارەی هێزی کار دەردەکرێن و چی تر بەهێزی کار ئەژمار ناکرێن ئەگەر چی تەمەنەکانیان لە نێو تەمەنی کار کردنیشە وە شتێکی ئاشکرایە ئەو وڵاتانەی تووشی بشێوی و جەنگی ناوخۆ یان جەنگ لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دەبنەوە رێژەی پەککەوتەو بێ تواناکان زیاد دەکات و دەبێتە هۆکاری کەم بوونەوەی قەوارەی هێزی کار لە پاڵ ئەمەشدا پەرە سەندنی نەخۆشی و دەردی درێژ خایان ئەم رێژەیە زیاتر دەکات ودیارە ئەم پەککەوتانە تا لەژیاندان ناتوانن هیچ ئەرکێك یان چالاکیەکی ئابووری بەجێ بهێنن .

### ە - خەڵکانی نێو پرۆسەی خوێندن و راهێنان :ـ

لە هەر وڵاتێکدا رێژەیەکی تا رادەیەك زۆر لە دانیشتوان کەلەنێو تەمەنی کارکردندان سەرقاڵی فێربوون و راهێنان و مەشق پێ کردنن کە خۆی لەخۆیدا کارکردنە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانیان کەئەمەش وە بەرهێنانێکی مرۆییە ، دیارە پرۆسەیەکی لەم جۆرە وادەکات ئەو کەسانەی خراونەتە بەر خوێندن و مەشق پێکردن و راهێنان ئەژمار نەکرێن بە قەوارەی هێزی کار ئەگەر چی لە نێو تەمەنی کارکردنیشدابن [٣] .

دوای ئاماژە پێکردن بەو هۆکارانەی کە هێزی کار دیاری دەکات دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هێزی کار ئەگەر چی سەرچاوە دەگرێت لە دانیشتوانی وڵات بەڵام لە راستیدا چەندین هۆکار و فاکتەری گرنگی تر هەیە کە هەموویان کار دەکەنە سەر دیاری کردنی

قەوارەی هێزی كار كە هەندێ لەو فاكتەرانە كاریگەرانە ترو ڕاشكاوانە تر ڕۆڵی خۆیان دەبینن بە بێ جیاوازی ئاست و پلەی پێشكەوتنی ئابووری و كۆمەلایەتی بۆ نمونە وولاتانی تازە پێگەیشتو كە كوردوستانی عێراقیش بەشێكە لەو جیهانە ڕێژەی قەوارەی هێزی كار لە ئاست دانیشتوان بە ڕادەیەكی تێبینی كراو كەمە وە ئەگەر هاتوو بلێین ژمارەی دانیشتوانی كوردوستان دەگاتە «چوار ملیۆن »كەس لەبەر ئەوەی« ٥٠٪ » ی ئەم چوار ملیۆن كەسە یاخود دەكەوێتە خوار تەمەنی كار كردن « كەمتر لە پانزە سالان » یاخود دەكەوێتە سەروو تەمەنی كار كردن « زیاتر لە ( ٦٥ ) سالان »،دیارە بە هەمان چەشنی وولاتە تازە پێگەیشتووەكان ڕێژەی هەرە زۆری دانیشتوانی دەرەوەی هێزی كار « كەمتر لە ( ١٥ ) سالەكان و زیاتر لە (٦٥ ) سالەكان » زۆرتر ئەوانەن كەتەمەنیان لە خوار تەمەنی كار كردنەوەیە ، بە هەر حال دەتوانین بلێین نیوەكەی تری دانیشتوانی كوردوستان بریتی‌یە لە دانیشتوانی نێو تەمەنی كار كردن كە دەكاتە نزیكەی « دووملیۆن» كەس بەلام لەبەر ئەوەی ڕێژەیەكی كەمی مێینەكان لە كوردوستان ئەگەر لە نێو تەمەنی كاریشدا بن سەرقالی كاركردنن یاخود چالاكی ئابووری بەئەنجام دەگەیەنن چونكە ڕێژەیەكی ئێجگار زۆریان كەیبانووی مالن و بەهێزی كار ئەژمار ناكرێن لەبەر چەند هۆكارێكی كەوا ئاشكرایە لای ئابووری ناسان .

كوردوستانی عێراق لە شەستەكانی سەدەی بیستەمەوە ڕووبەڕووی باروودۆخێكی نائاسای بۆتەوە كە ئەم بارو دۆخە نائاسایە تاكو ئێستا بەردەوامە لە نائارامی و شەڕو شۆڕو پێكدادان كە بۆتەهۆكاری لە دەستدانی ژمارەیەكی زۆر لە ڕۆڵەكانی كە دیارە زۆربەیان خەلكانی نێوتەمەنی كاركردن بوون وە هەروەها بۆتە هۆكاری پەككەوتنی ژمارەیەكی زۆری تر كە ئەمانە هەموو قەوارەی هێزی كاری كەم كردۆتەوە .

لە پال ئەو فاكتەرو هۆكارانەی ئاماژەمان پێ كرد ڕێژەیەكی زۆری دانیشتوانی كوردوستان كە دەكەوێتە تەمەنی كاركردن هێشتا لە نێو پرۆسەی فێركردندان لە پال ئەمانیشدا كۆمەلێك خەلكانی نێو تەمەنی هێزی كار لە گرتوخانەكان ژیان بەسەر دەبەن ئەمە جگە لەو ژمارە ئێجگار زۆرەی نێو تەمەنی كار كردن كە ملی ڕێگای كۆچكردنیان گرتۆتە بەر و بەرەو هاندەران كۆچ دەكەن كە زۆربەی هەرە زۆریان یان لە هێزی كارن یاخود كەوتوونە تەناو تەمەنی كاركردن لەبەر بوونی هەندێ فاكتەری كە پال بەو كەسانەوە دەنێت كۆچ بكەن چونكە وولاتەكەیان دەرپەڕێنەری دانیشتوانەكەیەتی بۆ دەرەوە [٤] ، ئەم هەموو هۆكارانە بەلگەو شاهیدی حالن بۆ كەم بوونەوەی هێزی كار لە كوردوستان كەواتە دوای لێ دەركردنی ئەم هەموو توێژانەی دانیشتوانی نێو تەمەنی كاركردن قەوارەی هێزی كار لە كوردوستان خۆی لە چوار یەكی دانیشتوانی كوردستان تێنا پەڕێنێ كە دكاتە كەمتر لە « یەك ملیۆن » كەس ئەم قەوارەیەی كە بریتی‌یە لە گشت هەموو ئەو كەسانەی كە ئێستا كار دەكەن لە پال ئەوانەی هێزی كارن بەلام ئێستا كە بێكارن [٥] خشتەی ژمارە ( ٢ ) قەوارەی دانیشتوانی نێو تەمەنی كاركردن و قەوارەی هێزی كار دەردەخات كە داتاكانی تیادا تیا دابەزێنراوە بە سەرچاوە وەرگرتن لە دانیشتوانی كوردوستان و لێكۆلینەوەكانی كە لەسەر دانیشتوان و هێزی كار كراوە لە عێراقدا و داتاكانی تایبەت بە قەوارەی بێكاری لە واقیعی بارو دۆخی عێراق و هەرێمی كوردوستان و سەرچاوە زانستیەكان هەلهێنجراوە كە ڕێژەی بێكاری لەسەردەمەكانی بەكارهێنانی تەواوی سەرچاوە ئابووریەكان ( full employment )كە بریتی‌یە لەسەردەمەكانی فراوانبوونی ڕەوتی ئابووری ( Expansion ) سەرهەلدەدات و لە كاتەكانی گەشە كردندا ( Recovery ) بەدەرەكەوێت نزیكەی ( ٥٪ ) ی قەوارەی هێزی كارە كە بریتی‌یە لەو ڕێژە سروشتی‌یەی هێزی كار كە بێكارانی خۆویست و بێكارانی دەرئە نجامی جێگۆڕین و جۆری ئیش گۆڕین دەگرێتەوە وەك سالانی پێش جەنگی عێراق ، ئێران بۆنمونە سالی ١٩٧٧ وەهەروەها سالانی جەنگی عێراق ئێران لەبەر ئەوەی زۆربەی هێزی كار ڕاپێچی بەرەكانی جەنگ كرابووەوە هەمان ڕێژەی ( ٥٪ ) ی بۆ دانراوە بەلام دوای سست بوونی چالاكی ئابووری لە دەرئە نجامی هەردووجەنگی كەنداو و ئابلوقەی ئابووری بە پێی ڕێژەیەك لە بێكاری كە دەكاتە ( ١٠٪ ) قەوارەی بێكاران دیاری كراوە وەك سالی ( ١٩٩٣ ) بەلام دوای پیادە كردنی بریاری ( ٩٨٦ ) و دوای جێبەجێ كردنی بەرنامەی نەوت بە خۆراك و كردنەوەی چەندین پرۆژەی ئاوەدان كردنەوە لەلایەن ڕێكخراوەكانی سەر بەنەتەوە یەكگرتوەكان حكومەتی هەرێمی كوردوستانی عێراق و ئارام بوونەوەی بارو دۆخی هەرێم و نەمانی جەنگی ناوخۆ وە دوای ئەوەی ڕێژەیەكی زۆری قەوارەی كارو زۆری قەوارەی هێزی كارو ڕێژەیەكی باش لە بێكاران كۆچیان بۆ دەرەوە كرد ڕێژەی بێكاری كەمی كردەوە كە ڕێژەی ( ٧٪ ) ی بۆ دانراوە و لەسەر بنەمای ئەم ڕێژەیە قەوارەی بێكاران ئەژمار كراوە بۆنمونە سال ( ١٩٩٩ ) .

**خشتەی ژمارە ( ٢ )**

**( جقەوارەی هێزی کارو بێکاری لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی**

**( ١٩٧٧ ، ١٩٨٧ ، ١٩٩٣ ، ١٩٩٩ )**

| ساڵ | دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | دانیشتوانی تەمەنی کارکردن | قەوارەی هێزی کار | ژمارەی بێکاران | رێژەی بێکاران |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ١,٥٣٨ | ٠,٧٦٩ | ٠,٣٨٤٥ | ١٩٢٢ | ٪٥ |
| ١٩٨٧ | ٢,٠١ | ١,٠٠٥ | ٠,٥٠٢٥ | ٢٥١٢٥ | ٪٥ |
| ١٩٩٣ | ٢,٥٥٩ | ١,٢٧٩٥ | ٠,٦٤٠ | ٦٤٠٠٠ | ٪١٠ |
| ١٩٩٩ | ٢,٨ | ١,٩ | ٠,٩٥ | ٦٦٥٠٠ | ٪٧ |

**﴿ ئەم خشتەیە لە ئامادەکاری توێژەرە ﴾**

## دووەم : ـ بێ کاری هێزی کارو جۆرەکانی

لەو دەمەوە کاتێك ئابووری ڕواڵەتی زانستیانەی خۆی نیشان دا لەسەر دەستی ( ئادەم سمپ ) ئەم زانایە باسی لەوە کرد کە چالاکیە ئابووری‌یەکان بەرژەوەندی تاکە کەسی زیاتر وەچنگ هێنانی دەستکەوتەکان ئاراستەیان دەکات کەواتە ئەو هۆکارەی پاڵ بە کرێکارەوە دەنێت هێزی کارکردنی خۆی بخاتە بازاڕی کارەوە ئەو دەرامەتەیە کە دەستیان دەکەوێت لە کارەکانیاندا.[٦] چونکە تەنها سەرچاوەی کە کرێکار بتوانێت دەرامەتی لێوە دەست بکەوێت بریتی‌یە لە هێزی کار کردنی لە ڕێگای سەودا پێکردن و فرۆشتنیەوە بۆ بژێوی ژیانی‌خۆی و خێزانەکەی وە بۆ سەرلە نوێ تازە کردنەوەی ئەو هێزی کارکردنەی کە لە ڕێگای بەکار هێنانی کالاو خزمەتگوزاری ئەو ووزەو توانایانە نوێ دەبێتەوەو دەبوژێتەوەو دەتوانێت جارێکی دیکە سەر لە نوێ بیخاتەوە بازاڕو بیفرۆشێتەوە ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کرێکار هەردەم ئارەزو مەند و ئامادەیە کە بە شوێن هەلی کاردا بگەڕێت بەلام ئەگەر هاتوو بە پێی وویست و ئارەزووی خۆی بێ کاری هەڵبژاردو ئامادە نەبوو هێزی کارکردنی خۆی لە بازاڕدا بفرۆشێت ئەو دەمە بێ کاری ئەو کەسە بەسەریدا نەسە پێنراوە بگرە بێ کاریەکی خۆ وویستە چونکە خۆی ئەو بێ کاری‌یەی هەڵبژاردوە ،

ئەم جۆرە بێ کاری‌یە ئەگەر چی لە واقیعدا هەیە بەلام هێندە کەمە بەهەند ناگیرێت چونکە ئەگەر یەکێك توانای کارکردنی هەبێت کارکردنیش تەنها سەرچاوەی دەرامەت و بژێوی بێت کەم جار یەکێك بێ کاری هەڵدەبژێرێت .

لەبەر ڕۆشنایی ڕاستی‌یەکانی لای سەرەوە د ەتوانین بێ کاری پێناسە بکەین بەوەی کە دیاردەیەکە کەسانی کە لە تەمەنی کارکردندان و توانای کارکردنیان هەیە ئارەزوویان لە کارکردن هەیە بە هۆی هەر هۆیەکەوە بێت بەدەر لە وویست و ئارەزوەکانی خۆیان بێ کار ماونەتەوە لەبەر نەبوونی هەلی کار[٧] ، دیارە هۆکارەکانی بێ کاری زۆرە هەندێ لەو هۆکارانە هۆکاری تەکنۆلۆژی‌یە هەندیکی تریان هۆکاری جوگرافیە بەهەر حاڵ دەتوانین ئاماژە بە گرنگترینیان بکەین کە ئەمانەی لای خوارەوەن : ـ

### بێکاری لە دەرئەنجامی نەگونجانی هەلی کارو توانای کار کەر:ـ

جاری واهەیە لە ڕووی جوگرافیاوە جۆرە دووری‌یەك هەیە لە نێوان بوونی هەلی کارو کەسێك کە توانای کار کردنەکەی بگونجێت لەگەڵ ئەو هەلی کار کردنە کەچی ئەو کەسانەی کە لە ڕووی جوگرافیاوە نزیکن لەو هەلی کارەی کە ڕەخساوە تواناکانیان ناگونجێت لەگەڵیدا بۆیە جۆرە بێکاریەك درووست دەبێت لە نێو هێزی کار بە هۆی ئەم نەگونجانەوە ، دیارە ئەم جۆرە بێکاریە

زۆرتر لەو شوێن و وولاتانە سەر هەڵدەدات کە خەڵکانی هێزی کار پێک دێنن لە ئاستێکی نزمی لێهاتووی و خوێندەواری و رووناکبیریدا کە ناتوانن هەلە رەخساوەکانی کارکە چۆڵە پڕی بکەنەوە بۆیە بێکاری دەمێننەوە ناچار پێویست دەکات ئەو توانایانە لە دەرەوە بهێنرێتە ناوەوە وە کاریان پێبسپێررێت وەک چۆن لە هەرێمی کوردوستان بەدی دەکرێت کە لەبەر ناچاری هەرچەندە بێکاریش هەیە بەلام پەنا دەبرێتە بەر پسپۆران لە دەرەوەی هەرێم لەبەر ئەوەی خەلکانی ناو هەرێم ناتوانن بە تەواوەتی ئەو هەلی کارانە کەرەخساوە پڕیان بکەنەوە لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسمان لێوە کرد .

## ب - بێکاری لە دەرئەنجامی گۆڕینی شوێنی نیشتە جێبوون و جۆری کار کردن :-

هەندێ جار کەسانی کە لە هێزی کارن شوێنی نیشتە جێ بوونی خۆیان دەگۆڕن یان جۆری کارەکانی خۆیان دەگۆڕن دیارە بەجێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوون یان گۆڕینی جۆری کارلە دەست دانی هەلی کارەو بێ کار بوونە تا ئەو دەمەی ئەو کەسەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی گۆڕیوە هەلێکی کاری دیکە دەدۆزێتەوە لە شوێنی نیشتە جێبوونی نوێی وە هەروەها ئەو کەسەی کە جۆری کارەکەی خۆی دەگۆررێت تا ئەو دەمەی مەشق دەکات وخۆی ڕادەهێنێت بۆ کارێکی نوێ کە پێشتر شارەزایی تیا نەبووە تا ئەو دەمە ئەو کەسە بە بێ کاری دەمێنێتەوە .

دیاردەی بەشاری بوون واتە کۆچ کردنی گوندنشینەکان بەرەو شارو شارۆچکەکان دیاردەیەکە زۆربەی کۆمەلگاکانی وولاتە تازە پێگەیشتوەکانی گرتۆتەوە لەبەر جیاوازی ئاستی دەرامەتی کە کۆچکردوو دەستی دەکەوێت لەو ئەرکەی دەیبینێت لەناو شارەکان کە زۆربەی خۆی لە چالاکیە بازرگانیو ئەرکە خزمەتگوزاریەکان دەبینێتەوە لە چاو ئەرك و چالاکیەکشتوکالیەکانی کە کاتی خۆی دەیبینی لە دێهاتەکان ئەمە لە پال جیاوازی ئاستی خزمەتگوزاریەکانی کە لە شارەکان پێشکەش دەکرێت لە چاو ناوچە گوند نشینەکان کە زۆر کەمە و لە ئاستێکی نزمدایە یاخود هەر نییە دیارە ئەم جۆرە کۆچ کردنە دەبێتە هۆکاری سەر هەلدانی بێکاری چونکە ئەو خەلکانە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان یاخود جۆری کار کردنی خۆیان گۆڕیوە [٨] .

ئەگەر ئەو هۆکارانەی باسمان لێوە کرد کوردوستان کۆبکاتەوە لەگەل کۆمەلگاکانی وولاتانی تازە پێگەیشتوو بەلام لە پال بارو دۆخی نائاسایی کۆچ پێکردن و ڕاگواستن لە شوێنی نیشتەجێبوونی کەسانی ناو هێزی کار ئەم دیاردەیەی هێندەی تر قول و ئالۆزتر کردوە بگرە تاکونێستا کوردوستان بە دەرئە نجامەکانیەوە دەنالێت بەتایبەتی چونکە شارەکانی کوردوستان هێندە چالاکی ئابووری نەگرتبوە خۆی بتوانێت ئەو ژمارە ئێجگار زۆرەی رووبیان تێ کردبوو لە ئامێزی خۆیان بگرێت و هەلیان بۆ برەخسێنێت .

## ج - بێکاری بەهۆی گۆرانی ستیوازی تەکنولوژی ( بێکاری تەکنولوژی ) :-

ئەم جۆرە بێکاریە لە ئە نجامی گەشە کردن وبەرزبونەوەی ئاستی هونەری و تەکنولۆژی جۆرە کارێک سەر هەلدەدات کە پێویست دەکات ئەو کەسەی ئەم کارە ئە نجام دەدات ئاستی هونەری و لێهاتووی خۆی بگو نجێنێت لەگەل شێوازی نوێی کارکردن ،دیارە کارمەند تا ئەو دەمەی ئاستی هونەری خۆی بەرز دەکاتەوە بۆئەوەی بیگەیەنێتە ئاستێک بتوانێت مامەلە لە گەل ئەو تەکنولۆژیا نوێیە بکات بێکار دەمێنێتەوە وە ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم جۆرە بێکاریە زیاتر لەو وولاتانە پەیدا دەبێت کە ئاستی تەکنولۆژی بەخێرای دەگۆررێت بەلام لەبەر تەوژمی جیهانگیری و شۆڕشی تەکنولۆژی کە هەموو سوچێکی جیهانی گرتۆتەوە بە کوردوستانیشەوە ئەم جیهانگیریەو شۆڕشی تەکنولۆژیا و شۆڕشی گەیاندنە زۆرتر لە بوارەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و گەیاندن بەدیار دەکەوێت لەبەر ئەوە کوردوستان کەمتر ئەم جۆرە بێکاریەی پێوە دیارە بەلام لە ئایندەیەکی دوور یان نزیک کاتێک تەوژمی جیهانگیری هەموو جیهان دەگرێتەوە و دەرئە نجامەکانی شۆڕشی زانیاری تەکنولۆژی بالا دەست دەبێت لە هەموو دونیا بە کوردوستانەوە ئەو دەمە دەرئە نجامەکانی ئەم شۆڕشانە ڕاشکاوە تر خۆی دەنوێنێ و بێ کاری تەکنەلۆژیش زیاتر بەدی دەکرێت .

## د - بێ کاری وەرزی :-

لەبەر سروشتی هەندێ لە جۆری کار بە تایبەتی لە کەرتی کشتوکال ئە نجامدانی چالاکیەکانی کارکردن تەنها لە وەرزێك یاخود لە بەشێکی سال ئە نجام دەدرێت کەواتە وەرزەکانی تری سال ئەو کەسە بێ کار دەبێت وە دیارە ئەم جۆرە

بێ کاری‌یە پێی دەوترێت بێ کاری وەرزی کە زۆرتر لە وڵاتە کشتوکاڵیەکان بەدی دەکرێت [١٠] دیارە کوردوستانیش لەم جۆرە بێ کاری‌یەی هەیە وەك چۆن لە دێهاتەکانی کوردوستان دەبینرێت کە جوتیاری کورد ساڵانە تەنها وەرزێك یان دووەوەرزی ساڵ خەریکی ئەرکی کشتوکاڵین و وەرزەکانی تری ساڵ بێ کارن .

## هـ - بێ کاری ڕوو پۆشراو : -

لە ڕووی ئابووری‌یەوە کارکردن هەوڵدانە بۆ بەرهەمهێنان ئەگەر ئەم بەرهەمهێنانە بەرهەمهێنانی کاڵاکان بێت یاخود خزمەتگوزاری‌یەکان وە دیارە پرۆسەی بەرهەمهێنان خولقاندنی کەڵکە واتە بەرجەستە کردنی کەڵك وەرگرتنەلەو کاڵاو خزمەتگوزاریانە کە پێویتی و ئارەزوەکانی مرۆڤ دابین دەکات کەواتە کار کە ئەنجام دەدرێت ئەبێت ئەنجامێکی هەبێت لە دەستە بەرکردنی ئاستێك لە بەرهەمهێنان بەڵام ئەگەر هاتوو کارێك ئەنجام بدرێت بەبێ ئەوەی ئامانجە ئابووری‌یەکەی خۆی دەستە بەر بکات ئەوا ئەو کاتە کارێکی بێ سوود دەبێت بگرە ئابووری ناسان بەکاری نادەن لە قەڵەم چونکە تەنها لە ڕواڵەتدا کارەو بێ کاری‌یەکی ڕوو پۆشراوە دیارە بە پێی بۆچوونی ئابووری ناسان کاتێك ئاستی بەرهەم هێنان لە کارێکدا گەیشتە ئاستی سفر ئەوا ئەو دەمە ئەو کارە دەبێتە بێکاری‌یەکی ڕوو پۆشراو[١١] .

لە کوردوستاندا چالاکی‌یەئابووری‌یەکان سست و پەککەوتوە وە کەرتی تایبەت تیایدا وەك گشت وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لاوازو ترسنۆکە کەواتە سەرمایەی کە لەم کەرتەداهەیە کەمە ئەوەشی هەبێت لە بوارە بەرهەم هێنەرە مادی‌یەکان ناخرێتە گەڕ بەتایبەتی ئەو بوارانەی ماوەی دەستکەوتنەوەو گێرانەوەی سەرمایەکان تیایدا درێژ خایەن بێت وەك پرۆژە پیشەسازی‌یەکان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی خاوەن سەرمایەکان کاتێك بەنیازن سەرمایەکانی خۆیان بخەنە گەر بۆ ئەو بوارانە دەگەڕێن کە دەستکەوتنەوەو گێڕانەوەی سەرمایەکان کورت خایەن بێت و دوور بێت لە هەموو جۆرەکانی مەترسی دیارە خاوەن سەرمایە کاتێك سەرمایەکەی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ماوەی درێژ خایەن و خۆی ڕوو بەڕووی هەندێ مەترسی دەکات ئەگەر وڵات وڵاتێکی ئارام بێتو دووربێت لە مەترسی سیاسی[١٢] .

لەبەر بارو دۆخی تایبەتی کوردوستان لەوە زیاتر چاوەڕێ ناکرێت لە کەرتی تایبەت بەوەی کە سەرمایەی خۆی بخاتە گەر لە بوارێکدا کە قازانجێکی بە پەلە بۆخۆی دابین بکات ئەمەش کە زۆرتر لە کەرتی بازرگانی و گەیاندن و چەند چالاکی‌یەکی نەبێت دەستی ناکەوێتدیاردەی بێکاری ڕوو پۆشراو کەمتر لە کەرتی تایبەت بەدی دەکرێت چونکە کەرتێکە مەحاڵە بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن بواربەخۆی بدات زیانی بەرکەوێت دیارە بێکاری ڕوو پۆشراو یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە زیادبوونی تێچونەکان بەرامبەر داهاتەکان وە ئەم کەرتە هەر بەزویی چارەی دیاردەی بێکاری ڕو پۆشراو دەکات ئەگەر سەرهەڵبدات .

کەرتی گشتی کە حکومەتی هەرێمی کوردوستان سەرپەرشتی دەکات لە زۆربەی بوارەکان دەستوەردانی نی‌یە جگە لە هەندێ بوار نەبێت وەك کارگە پیشەسازیەکان کە بۆی ماوەتەوە ئەم کارگانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن لەکار کەوتبوون یان پچر پچرو بە نیوە تاچڵ هێڵەکانی بەرهەم هێنان تیایدا بەڕێوە دەچوو کە تاکو ئێستا ئەم حاڵەتە بەتەواوەتی چارەسەر نەکراوە دیارە حاڵەتێکی لەم جۆرە واتای بوونی بێکاری ڕوو پۆشراوچونکە بە پێی یاساکانی کارناکرێت کرێکار لە دام و دەزگا گشتی یەکان دەربکرێت یان کرێ و مووچەکانیان لێ ببڕێت ئەمە خۆی لە خۆیدا پەیدابوونی بێکاری ڕوو پۆشراوە چونکە بە هۆی وەستان و پەك کەوتنی ئەو کارگانە یان هەندێ هێڵی بەرهەم هێنان تیایدا کرێکارەکان ئەرکی بەرهەم هێنانی خۆیان نابینن .

بە هەمان شێوە دام و دەزگا خزمەتگوزاری‌یە حکومیەکان و بە ڕێوەبەرایەتی یە حوکومیەکان لە پێناو دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆکان و پەیمانگاو خوێندنگا پیشەی و ئاکادیمیەکان بێ بەرنامە بە بێ گوێ دانە پێویستی ئەم دام و دەزگایانە بە لێشاو خەڵکێکی زۆریان دامەزراندوە زیاد لە پێویستی ئەو شوێنانە کە ئەمیش یارمەتی زیاتر پەرە سەندنی

بێ كاری ڕووپۆشراوی دا بەڵگەش لە بوونی ئەم دیاردەیە بوونی كۆمەڵێكی زۆر بەناوی هێزی كارەوە كە تاكو ئێستا دام و دەزگا حوكومیەكان نەیتوانیوە هەلی كاری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە بۆ كار پێكردنیان .

ئەوەی لێرەدا پێویستە بووترێت كە بێكاری ڕووپۆشراو لە دوو ڕووەوە زیانی هەیە بۆ سەر ئابووری وولات یەكەمیان مۆڵدانی ژمارەیەكی زۆر لە هێزی كار لە بوارێكدا كە هیچ ڕۆڵێكیان نی‌یە لە بەرهەمهێنان واتە هەوڵو كۆششەكانیان كە بەخەرجی دەدەن بێ هودەو بێ بەر دەبێت وە دەبوو ئەگەر لە بوارێكی تردا كاریان بكردایە جێ پەنجەیان دیار تر بوایە لە بەرهەم هێنان وە لە لایەكی ترەوە بوونی بێكاری ڕووپۆشراو لار سەنگ كردنی تەرازوی بودجەی وولاتە بەوەی تای تەرازوی خەرجیەكان زۆر دەكات كە لەوانەیە قورستری بكات لە ئاست تای تەرازوی داهاتەكان چونكە خەرجیەكی زۆر دەخاتە سەر ئەستۆی حوكومەت بە پێدانی مووچەو كرێ بێ ئەوەی ئەوانە هیچ ڕۆڵێكیان هەبێت لە بەرهەم هێنان و خولقاندنی دەرامەت لە وولات ئەم لار سەنگی‌یەی كە پەیدا دەبێت لە بودجەی وولات چەندین ڕێگا هەیە بۆ چارە سەركردنی كە یەكێكیان تەمویل كردنە بە هەڵاوسان كە دەرئە نجامەكانی بەرز بوونەوەی نرخەكانە [١٣] . وەك چۆن حوكومەتی مەركەزی عێراق ئەم سیاسەتەی گرتۆتە بەر بەڵام لە شوێنێكی وەك كوردوستانی عێراق بەو بارو دۆخە تایبەتی‌یەی هەیەتی و لەبەر ئەوەی دەستەڵاتێكی سەربەخۆی نی‌یە بتوانێت دراو دەركات لەبەر ئەوە لار سەنگی بودجەی هەرێم یاخود بەزیاد كردنی باج دەبێت یان بە دواخستنی پێدانی مووچە یان كەم كردنەوەی دەبێت لەبەر ئەوەی سیستمێكی بودجەی پێشكەوتوو نی‌یە لە كوردوستاندا بڕیاری زیاد كردنی داهات لە ڕێگای زیاد كردنی باجەوە سەركەوتوو ڕاگرێت بۆیە پەنا بردنە بەر دواخستنی خەرجیەكان یاخود كەم كردنەوەی شتێكی ئاسای‌یە وە دوا ڕێگا چارەیە كە پەنای بۆببرێت بۆبارو دۆخێك لەم چەشنە ئەگەر چی ئەم جۆرە چارەسەریانە دانانرێت بە چارەسەری پۆزۆتیفانە بەڵكو چارەسەری پۆزۆتیفانە بریتی‌یە لە چارەسەركردنی خودی هەیكەلی بەرهەم هێنان كە چەندین لایەنی جۆراو جۆر دەگرێتەوە كە یەكێك لەو لایەنانە بریتی‌یە لە چارەسەر كردنی بێكاری ڕووپۆشراو .

### و ـ بێ كاری لە دەرئەنجامی سست بوون و گرژبوونەوەی بارو دۆخی ئابووری : ـ

بیرۆكەی ئابووری كلاسیكی بڕوای وابوو كە هاوكێشەیی بارو دۆخی ئابووری حاڵەتێكی ئاسایی‌و بەردەوامە بۆیە باشتر وایە بۆحكومەتەكان دەست وەرنەدەنە كارو باری ئابووری ، دیارە باڵا دەست بوونی ئەم بیرۆكە ئابووری‌یە ڕەنگ دانەوەی خۆی هەبوو بۆ سەر سیاسەتە ئابووری‌یەكانی كە پەیڕەو دەكرا لە لایەن حكومەتەكانەوە تاكو بەرپا بوونی قەیرانی گەورەی ساڵانی سی‌یەكانی سەدەی بیستەم ( ١٩٢٩ ـ ١٩٣٦ ) ، ئەم قەیرانە ئابووری‌یە بووە هۆكاری پەككەوتنی ڕەوڕەوەی ئابووری و بڵاوبوونەوەیەكی ئێجگار زۆری بێكاری بەتایبەتی لە وولاتە پیشەسازی‌یە سەرمایەداری‌یەكان ، دیارە ئەم قەیرانە بیرۆكەی كلاسیكی دەست تێوەرنەدانی حكومەتەكانی هەژاند و وای كرد پاڵ بە زاناو ئابووری ناسانی ئەو سەردەمە بنێ بیرۆكەی تازە بدۆزنەوە و بیخەنە ڕوو زاناو ئابووری ناسی گەورەی ئەو سەردەمە( كینز ) بووە سەرقافلە چی و پەیام هێنەری بیرۆكەیەكی نوێ بەوەی كە نهێنی شاراوەی ئەو قەیرانە بگێڕێتەوە بۆ سستی و لاواز بوونی‌خواستی گشتی كە ئەم سستی و لاواز بوونە چارەسەر ناكرێت لە ڕێگایەكەوە نەبێت ئەویش ڕێگای پاڵ پێوەنانی خواستی گشتی‌یە دیارە كەرتی تایبەت هێندە ڕەش بین بو بو لە بارو دۆخەكە پشتی پێ نە دەبەسترا بۆ بزواندنی خواستی گشتی هەر بۆیە ڕۆڵی حكومەت كە لە ڕێگای كردنەوەی پرۆژەی گشتی وەك دروست كردنی پردو ڕێگاو بان و شتی لەم جۆرە كە دەبێتە هۆكاری بەكار هێنانی بێكارەكان كە كرێ وەردەگرن هاریكاری دەكەن لە بزواندنی خواستی گشتی و بەرفرە كردنی بەرهەم هێنان و فراوانكردنی چالاكی‌یە ئابووری‌یەكان كە ئەمانە هەمووی چەندین فاكتەری گرنگن پێكەوە بە هەماهەنگی ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە چارەسەركردنی قەیرانی بێكاری [١٤] .

ئەگەر چی قەیرانی گەورەی ئابووری جیهان لە ساڵانی ( ١٩٢٩ ـ ١٩٣٦ ) دیاردەیەكی ئابووری بوو گشت وولاتانی سەرمایەداری گرتەوە بەهۆی لاواز بوونی خواستی گشتی‌یەوە سەری هەڵداو سیاسەتی ئابووری خەرجی‌یەگشتی‌یەكانی

حكومەتەكان لە بوارەكانی كارو خزمەت گوزاریەگشتیەكان كە سیاسەتی دەست تێوەردان بوو لە كاروباری ئابووری توانی ئەو قەیرانە ئابووریە چارەسەر بكات و بێكاری نەهێڵێ لەو وڵاتانە .

بارو دۆخی هەرێمی كوردستان ئەگەر چی لە چەندین ڕووەوە جیاوازی هەبێت لەگەڵ بارو دۆخی ئەو سەردەمە چ لە ڕووی كاتەوە بێت یان لە ڕووی سروشتی ئابووری بەڵام دەبێت باش ئەوە بزانین كە سیاسەتی خەرجی گشتی حكومەت لە كوردوستاندا و كردنەوەی پرۆژە گشتیەكان و پرۆژە خزمەت گوزاریەكان هۆكارێكی باشە بۆ چارە سەركردنی بەشێك لەم بێكاریەی كە هەیە چونكە پەیرەو كردنی سیاسەتێك لەم جۆرە زامنە بۆ دەستە بەر كردنی ژمارەیەكی باش لە هەلی كار بخرێتە بەر دەم بێكاران بۆئەوەی رزگاریان بێت لە بێكاری و دیاردەی بێكاری لەم هەرێمە چارەسەر بكرێت یان لانی كەم كەم بكرێتەوە .

## ز ـ بێكاری و هەڵئاوسان :-

بیروكەی ئابووری ڕێبازی كلاسیكی لەو بڕوایەدا بوو كە ناشێت هەردوو دیاردەی بێكاری و هەڵئاوسان پێكەوەو لەگەڵ یەكدا سەرهەڵبدەن چونكە بێكاری لە دەرئە نجامی سست بوون و گرژ بوونەوەی چالاكیە ئابووریەكان دێتەكایەوە بەڵام هەڵئاوسان دوای تەواو وەگەر خستنی هەموو فاكتەرە ئابووریەكان دەردەكەوێت كاتێك خەرجیە گشتیەكان هیچ ڕۆڵێكی نامێنێ لە زیاد كردنی بەرهەم هێنان چونكە ئاستی خستنە ڕووی گشتی ( Agrigat Supply) نەرمێتی خۆی لە دەست داوە بەوەی وەڵام دانەوەی هەبێت بۆ زیاد كردنی خواستی گشتی كەواتە خواستی گشتی دوای خستنەگەڕی گشت فاكتەرەكان ئەو دەرئە نجامەی كە پەیدا دەبێت بریتی یە لە بەرز بوونەوەی ئاستی نرخەكان كەواتە بە پێی ئەم بیروكەیە ناكرێت بێكاری و هەڵئاوسان پێكەوەو لە یەك كاتدا ڕووبدەن بەڵام بارو دۆخە ئابووریەكانی دوای شەستەكانی سەدەی بیستەم باس لە حاڵەتێك دەكات بەوەی كە دەشێت هەردوو دیاردەكە پێكەوە ڕوو بدەن چونكە مەرج نیە بێكاری تەنها لە دەرئە نجامی هاتنە خوارەوەی ئاستی خواستی گشتی بێتەدی بگرە لەوانەیە كەم بوونەوەی ئاستی خستنە ڕووی گشتی ببێتە هۆكاری كەم بوونەوەی بەرهەم هێنان و پەرە سەندنی بێكاری وە لە هەمان كاتدا كەم بوونەوەی قەوارەی خستنە ڕووی كاڵاكان كەم دەكاتەوەو دەبێتە هۆكاری بەرز بوونەوەی نرخەكان .

لە كوردوستاندا دوای سەپاندنی ئابلوقەی ئابووری چەند لایەنە هەردوو دیاردەی بێكاری و هەڵئاوسان تێبینی دەكرا چونكە ئەم ئابلوقەیە چەندین كۆسپ و ئاستەنگی خستە بەر دەم چەلاكی ئابووری وەك هەموو پارچەكانی تری عێراق وە لە پڕ بەرهەم هێنانی نەوت كە لە ئاستێكی ئێجگار گەورەدا بوو زۆر هاتە خوارەوە كە بووە هۆكاری كەمبوونەوەی توانای هێنانە ناوەوەی كاڵاكان و دواتر كەم بوونەوەی خستنە ڕووی كاڵاكان كە ئەمیش بووە هۆكاری بەرز بوونەوەی نرخەكان وە لە هەمان كاتدا سست بوونی چالاكی ئابووری بووە هۆكاری بڵاو بوونەوەی بێكاری كەواتە ئابلوقەی ئابووری سەر عێراق و كوردوستان ڕۆڵێكی گەورەی بینی بۆ دەركەوتنی ئەم دیاردەیە ئەگەر چی ڕاستیەك هەیە دەبێت بزانرێت كە ئەویش ئەوەیە مەرج نیە هەڵگرتنی ئابلوقەی ئابووری ئەم دیاردەیە بە تەواوەتی چارە سەر بكات وەك چۆن بینیمان جێ بە جێ كردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك و هەنگاو هەڵنان بەرەو هەڵگرتنی ئابلوقەی ئابووری وورده وورده ڕۆڵی خۆی دەبینی لە كەم كردنەوەی ئەم دیاردەیە بێ ئەوەی بە تەواوەتی چارەسەری بكات ، دیارە لە پاڵ ئەمەدا دەتوانرێت كار بكرێت لە پێناو كەم كردنەوەی ئاستی بێكاری ئەویش لە ڕێگای زیاد كردنی قەوارەی بەرهەم هێنان وەك چۆن یاسای ( ئۆكن ) جەخت لەسەر ئەوە دەكات وە دەڵێت كەم كردنەوەی ئاستی بێ كاری بە ڕێژەی (١ ٪ ) پێویستت دەكات ئاستی بەرهەم هێنانی نەتەوەیی زیاد بكرێت بەڕێژەی ( ٢,٥ ٪ ) [١٥] .

## سێهەم ـ دەرئەنجامەکانی بێکاری لە ڕووی ئابوورییەوە

وەك لای هەموو کەس ئاشکرایە بێکاری دیاردەیەکی ئابووری کۆمەلایەتییەو ڕەنگ دانەوەکانی بۆ سەر لایەنە ئابوورییەکان ئێجگار زۆرە ئەگەر چی ڕێژەی ( ٥ ٪ ) ڕێژەیەکی ئاسایە بۆ بێکاری لەبەر چەندین هۆکاری سروشتی وەك گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون و گۆڕینی جۆری کارو گۆرانکارییەکانی کە بەسەر ئاستی تەکنەلۆژی دێت [١٦] ، بەلام سەبارەت بە کوردستان ئەگەر هاتوو بێکاری ڕوو پۆشراو بەدەر بکەین دەتوانین بلێین ڕێژەی بێکاری دەگاتە ( ١٠ ٪ ) [١٧] ، دیارە ئەمە ڕێژەیەکی زۆرە لەچاو ئەو قەوارە کەمەی هێزی کار لە کوردوستان و فراوانی سامانە ئابوورییەکانی .

لە کوردوستاندا وەك گشت وولاتانی تازە پێگەیشتوو هەموو جۆرەکانی بێکاری بەدی دەکرێت چ لە ناو بێ سەوادو نەخوێندەواران بە هۆی بێ کارامەیی یان بەهۆی بێ کاری نێوان دەرچوان و هەلگرانی بڕوانامەکان بەتایبەتی پسپۆرییەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان [١٨] چونکە لەگەڵ زۆربوونی هەلگرانی بڕوانامەکان و پەرەسەندنی ژمارەیان جۆرێك لە بێکاری دروست دەبێت پێی دەوترێت بێکاری نێو خوێندەواران [١٩] ، دیارە ئەم حالەتە لە کوردستانیشدا بەدی دەکرێت وەك چۆن ژمارەیەکی زۆری دەرچوانی پەیمانگاو زانکۆکان هەلی کاری گونجاویان لەبەر دەمدانییەکە دەرامەتێکی باشیان لێ دەست کەوێت .

**سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی بێ کاری لە ڕووی ئابوورییەوە دەتوانرێت ئاماژە بۆ ئەم خالانەی لای خوارەوە بکرێت : ▪**

أ- بێ کاری لە ڕووی ئابوورییەوە واتا لە دەست دانی دەرامەتی تاکە کەسی ئەو دەرامەتەی کە بەرامبەر ئەنجامدانی ئەرکێکی ئابووری دەستی دەکەوێت دیارە بلاو بوونەوەی بێ کاری واتا لەدەست دانی دەرامەتە بۆ خەلکانێکی زۆر وە شتێکی ئاشکرایە لە دەست دانی دەرامەت واتا کەم بوونەوەی پاشەکەوت لەسەر ئاستی نەتەوەیی کەم بوونەوەی وەبەرهێنییە (Investment ) لە سەر ئاستی نەتەوەیی‌و کەم بوونەوەی خستنە گەڕی سەرمایە کەم بوونەوەی ووزەکانی بەرهەم هێنان و دوا جار کەمبوونەوەی دەرامەتی نەتەوەیی‌و یەو جارێکی تر کەمبوونەوەی دەرامەتی تاکە کەس و هاتنە خوارەوەی ئاستی گوزەرانی خەلکییە .

ب- بێ کاری کاردانەوەی سلبییانەی دەبێت بۆ سەر داهاتی گشتی حکومەت و دواتر لار سەنگ بوونی بوودجەی گشتی بەدوادا دێت چونکە کەم بوونەوەی دەرامەت لە دەرئە نجامی بێ کاری واتای لاواز بوونی توانای باج دانە بەحکومەت وە دیارە ئەگەر داهاتی گشتی حکومەت کەم بێتەوە تواناکان کەم دەبێتەوە بۆ بەئە نجام گەیاندنی پرۆژە گشتیەکان و دواتر دەبێتە هۆکاری لاواز بوون و سست بوونی چالاکییە ئابوورییەکان .

ت-بنەما ئابوورییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لە دەرەوە هێنانی کالاّ و خزمەت گوزارییەکان جۆرێکە لە جۆرەکانی دزە کردنی بەشێك لە دەرامەتی نەتەوەیی بۆ دەرەوە دیارە حکومەتەکان لە ڕێگای ناردنە دەرەوەی کالاّو خزمەتگوزارییە نیشتمانیەکان هەوڵ دەدەن یەکسانیەك پەیدا بکەن و هاوکێشەیەك دروست بکەن لە نێوان ئەم دوو تای تەرازوە بەلام لە کاتی بەرپا بوون و بلاّو بوونەوەی بێکاری توانا ئابوورییەکان پەکیان دەکەوێت و ووزەکانی کە هەیە لە وولاتدا ناخرێتە گەر کەواتە توانای بەرهەم هێنانی وولات سست و لاواز دەبێت و توانای ناردنە دەرەوەی کالاّ و خزمەت گوزارییەکان کەم دەکات .

پ- لە سەردەمی بلاّو بوونەوەی بێکاری بازرگانی ناشەرعی پەرە دەسەنێت چ دزە پێ کردن و ئاودیو کردنی سامانە نەتەوەیییەکان بێت یان بازرگانی کردنبێت بە کالاّی قەدەغە کراو کە هەمووی زیان لە ئابووری وولات دەدات ، وەك چۆن لە کوردوستاندا کاتێ کە ئابلوقەی ئابووری و بێکاری دەستی نابووە بینە قاقای ئابووری دەمان بینی و دەمان بیست چۆن سامانە نەتەوەیییەکان بێ بەزەییانە لە ڕێگای بازرگانی ناشەرعییەوە دەبرایە دەرەوە وە لە بەرامبەردا ئەو کالاّ و

شتومەکانەی کە لە دەرەوە دێتە ناوەوە جگە لەوەی بەشێك لە دەرامەتی نەتەوەیی دزەی پێ دەکرێت لە هەمان کاتدا سودو قازانجی تەواوی نابێت بۆ وولآت بگرە بازرگانی کەری ناشەرعی تەنها دەڕوانێتە قازانجی تاکەکەسی خۆیی ئەگەر چی زیانیش بگەیەنێت بەئابووری وولآت .

ج- لە سەردەمی بڵاو بوونەوەو پەرە سەندنی بێکاری دیاردەی ئاڵوگۆڕ پێ کردن و موزارەبە پێ کردن بە دراوی بیانی و خاوەندارێتی خانو بەرە زیاد دەکات وە وەك ئاشکرایە ئەم جۆرە چالاکیانە کار ناکاتە سەر زیاد بوونی دەرامەتی‌نەتەوەیی چونکە ئەم جۆرە چالاکیانە دەڕژێنە خانەی سەر لە نوێ دابەش بوونەوەی دەرامەتی نەتەوەیی وە دیارە ئەگەر هاتوو ئەم هەل و مەرجە ماوەیەکی درێژ خایەنی بەسەر برد ئەوا ئەو کەسانەی بەم جۆرە چالاکی‌یەوە سەر قاڵن دەق بەم جۆرە چالاکیانەوە دەگرن وە کەمتر ئارەزووی ئەوەیان دەبێت لە ئایندە ئەگەر بارو دۆخەکان گۆڕرا جۆری چالاکی خۆیان بگۆڕن بۆ هەندێ چالاکی دی کەی سوود بەخش تر بە ئابووری وولآت .

ح- وەك ئاشکرایە ژمارەیەکی زۆر لە وولآتان پەیڕەوی سیستمی مسوگەرکردن دەکەن و یارمەتی دارایی خۆیان پێشکەش بە بێکاران دەکەن وە لەبەر ئەوەی بێکاری خۆی هەم ئاهەنگە لەگەڵ بارو دۆخی ناهەمواری ئابووری بۆیە حکومەتەکانی لەم دەمانە داهاتە گشتی‌یەکانیان کەم دەکات و بۆ دابین کردنی یارمەتیەکانی حکومەت و پەنا دەبەنە بەر زیاد کردنی رێژەکانی بودجە کە دەخرێتە سەر خاوەن دەرامەتە گەورەکان دیارە کارێك لەم جۆرە دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی قەوارەی پاشەکەوت و دواتر کەمکردنەوەی سەرمایە خستنە گەرو کەمبوونەوەی خواستی گشتی و کەم بوونەوەی فرۆشتنی کاڵاکانی لە بازارەکاندا دەفرۆشێت کە دیارە ئەم بارو دۆخە دەبێتە هۆکاری زۆربوونی قەوارەی کاڵا عەمبار کراوەکان بە شێوەیەکی نەخوازراو وە ئەوەی پێویستە بوترێت فراوان بوونی قەوارەی کاڵا عەمبار کراوەکان ئەگەر هاتوو نەخوازراو بوو وە نەخشەی بۆ نەکێشرا بوو دیارە ئەم دەرئەنجامە پاڵ بە خاوەن پرۆژەکانەوە دەنێت ئاستی بەرهەمەکانی خۆیان کەمکەنەوە وەشتێکی ئاشکرایە کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان واتای پاڵنان بە کۆمەڵێکی تری هێزی کارو لە دەستدانیانە بۆ کارەکانیان کە دەبێتە هۆکاری زیاتر قوڵ بوونەوەی دیاردەی بێکاری .

خ- زۆر بوون و پەرە سەندنی دیاردەی کۆچ کردن ڕوەو هەندەران کە دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا داهێزرانی ووزەی ئابووری‌یە لە وولآتدا کە چەندین ڕەنگدانەوەی سلبی هەیە بۆسەر بارو دۆخی ئابووری وەك بەفیڕۆچوونی تێچوونەکان کە کراونەتە سەر کۆچ کردووەکان هەموو ئەو تێچونانەی کە کۆمەڵگا کردویەتی‌یە سەر ئەو کەسە چ لە لایەن خێزانی ئەو کەسەوە بێت لەساتی لەدایك بوونیەوە چ ئەو تێچونانەی کە حکومەت سەرفی کردووە تە سەریان لە پروسەی فێرکردنەوە تا ئەو دەمەی ئەو کەسە وولآت بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە دەرەوە وەدیارە زۆربەی کوچکردوەکان لە تەمەنی کارکردندان وە ئەگەر هاتوو ژمارەیان زۆربێت ئەوا ڕێژەی بەخێو کراوان زیاتر دەکات لە کۆمەڵگاو ڕێژەی بەخێوکەران کەم دەکات .

یەکێك لەو هۆکارانەی کە پاڵ بە ڕەو ڕەوەی ئابووری‌یەوە دەنێت وناهێڵێت بوەستێت چالاکبوونی ئاستی خواستی گشتی‌یە و ء- تەکاندانێتی بەرەو فراوانبون وبەر فرە بونی وەك ئاشکرایە خاوبوونەوەی ئەم خواستی گشتی و لاواز بوونەی خواستی گشتی بارو دۆخی وولآت نوقمی ڕۆخ دەکات و ئاستی بەرهەمهێنان و دەرامەت و نرخەکان دەگەیەنێتە نزمترین ئاستی . . . دیارە ئەم حاڵەتەی باسمان لێ کرد لەگەڵ بێکاری تەواو کەری یەکترن هەرچەندە بێکاری بارو دۆخەکە بەرەو ڕۆخی خوارەوە دەبات بەهەمان شێوە پەککەوتنی ئابووریش دیاردەی بێکاری ئاشکراتر و هێندە توند تر دەکات .

## چوارەم - چۆن کاربکرێت بۆ کەمکردنەوەی بێکاری

پێشەکی دەبێت باش ئەوە بزانین کە ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە بۆسەر دیاردەی بێکاری هەندێکیان پەیوەندیان بە بارو دۆخی تایبەتی وولآتەوە هەیە وە هەندێکی دیکەیان هۆکاری سیاسی‌یە یاخود پەیوەستە بە پەیوەندی‌یە نێو دەوڵەتیەکان و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نمونە ئابلوقەی ئابووری سەر عێراق وە لە هەمان کاتدا دابرانی کوردستان لە ناوچەکانی تری عێراق و پچرانی زوربەی زۆری پەیوەندی‌یە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکانی نێوان ئەم دوو ناوچەیە کاردانەوەی خۆی هەبوو بۆسەر بچوك بوونەوەو تەسك بوونەوەی بازارەکان و چالاکی‌یە ئابووری‌یەکان وە لە هەمان کاتدا هەرێمی کوردستانی عێراق سەرەڕای ئەم بارو دۆخە لە ناو خۆیدا دوو پارچە بوەو چەندین کۆسپ دروست بووە بۆ یەك گرتنەوەی هەردوو پارچەکەی ، دیارە ئەم بارو دۆخە نائاسایی‌یەی کە هۆکارێکی دەرەکی ڕەخساندویەتی

كاردانەوەی سلبیانەی زۆری هەیە بۆ سەر بارو دۆخەكە وە بەرامبەر بەم بارو دۆخە سیاسی‌یە ئابووریناسان هیچیان پێ ناكرێت وە دیارە ئەگەر بارو دۆخەكە بەرمو ئاسایی ڕۆشت ئابلوقە لەسەر عێراق و كوردوستان نەماو كوردوستان یەك پارچەبوەوە بازاڕەكان چالاك بوونەوە زیاتر فراوانبوونەوە ئەوا ئەو دەمە هەلی باش دەرەخسێت بۆ گەشە كردنی ئابووری و زەمینەیەكی باش دێتە گۆڕێ بۆ كەم بوونەوەی ڕێژەی بێكارەی بەڵام لە پاڵ ئەم هەموو ڕاستیانە ئەكرێت چەند پێشنیارێك بكرێت بۆ كەمكردنەوەی ئاستی بێكاری لە كوردستانداكە ئەمانەی لای خوارەوەن :-

أ- هاندانی حكومەت بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە خەرجی گشتی لە پرۆژە گشتی‌یەكان بۆ نمونە دروست كردنی ڕێگاو بان وئاوەدانكردنەوەو فراوانكاری لە كارە خزمەتگوزارییەكان چونكە ئەم جۆرە ئەركە دەبێتە هۆكاری پەیدابونی چەندین هەلی كار كە یارمەتی خولقاندنی دەرامەت ددەدات كەدەرئە نجامەكەی بەرزكردنەوەی ئاستی خواستی‌گشتیەو بزواندنی ڕەوڕەوەی‌ئابورییەو هاندانی كەرتە بەرهەم هێنەرەكانە بۆ زیاتر داواكردنی هێزی كارو ئیش پێ كردنیان كە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرێكە لە جۆرەكانی چارەسەركردنی دیاردەی پەككەوتەیی ئابوری و بەربڵاوی بێ كاری.

ب- كاركردن لە پێناو بەرزكردنەوەی ئاستی توێژە جیاجیاكانی هێزی كار بۆ ئەوەی كۆمەڵە خەڵكێك پەیدا بن بتوانن هەموو ئەو هەلانەی هەیەلە بازاڕی كاردا پڕی بكەنەوە.

ج- هەوڵدان بۆ كەمكردنەوەی ئاستی جیاوازی نێوان ناوچە جیاجیاكان بۆ نمونە جیاوازی نێوان شارە گەورەكان و شارۆچكەكان و نێوان ئەمان و دێهاتەكان ، چونكە لە راستیدا بونی ئەم جۆرە جیاوازیە پاڵ بەخەڵكانەوە دەنێت بۆ جێگۆڕینی خۆیان و پەیدابونی بێكاری جۆری جوگرافی .

د- كردنەوەی خولی ڕاهێنانی بەردەوام بۆ گشت توێژەكانی هێزی كار بۆ ئەوەی بتوانن بەزویی خۆیان بگونجێنن لەگەڵ گۆڕانكارییە تەكنەلۆژییەكان كە لەم سەردەمەدا زۆر بە خێرایی ڕودەدات.

ە-دەكرێت هەندێ پیشەسازی بكرێتەوە لە ناوچە گوندنشینەكان كە بگونجێت لەگەڵ كەشو هەوای ئەو ناوچانە وەك پیشەسازییەكانی خۆراك كە لەچەندین ڕووەوە خزمەت دەگەێنێت بە ئابوری وڵات وەك ڕێگرتن لە بەردەم كۆچی بەكۆمەڵی گوندنشینەكان و دۆزینەوەی هەلی كار لەبەردەم جوتیاران و گوندنشینان بەتایبەتی لەو دەمانەی كە بێكاری وەرزی هەیە . لە هەمان كاتدا جۆرە تەواو كارییەك دروست دەكات لە نێوان هەردوو كەرتی كشتوكاڵیو پیشەسازی و یارمەتی پێشكەوتنی هەردوو چالاكی كشتوكاڵیو پیشەسازی دەدات.

و-هەندێك لە كێشەكانی بێكاری دەگەڕێتەوە بۆ خراپ دابەشبونی قەوارەی هێزی كار بەسەر كەرتە ئابورییەكان و چالاكییەئابورییەكان بۆیە سەر لە نوێ دابەشكردنەوەی هێزی كار بەشێك لەم كێشەیە چارەسەردەكات، هەروەها زیاتر گرنگی دان بەو چالاكی‌یانە كە ژمارەیەكی زۆر هەلی كار پەیدا دەكات هەوڵدانێكی ترە بۆ چارەسەركردنی ئەم دیاردەیە .

## پەراوێزەكان

1-Un, Statistics office, Hand Book of population, cencus method, stadies of methods series, No 5, New york, 1974, P: 15

٢ . محمد خضر قرش ، أثر الزيادة السكانية على عملية التنمية الإقتصادية ، مجلة النفط والتنمية ، العدد العاشرة ، تموز١٩٧٨ ، ص☹ ٤٤ )

٣ . وارين ،سى نومسوق ، مشكلات السكان ، ترجمة راشد البراى ، مكتبة الأنكلو المصرية ، القاهرة ١٩٦٩ ص : ( ٢٥١ ) .

٤ . د . دولت أحمد صادق ، د . محمد عبدالرحمن الشرنوبى الأسس الديموغرافية لجغرافية السكان ، مكتبة الأنكلو المصرية ، القاهرة ١٩٦٩ ، ص٧٦

٥ . د . عبدالحسين الزينى ، د .عبدالحليم القيسى ، الأحصاء السكانى ، جامعة بغداد ، ١٩٩٠ ، ص( ٢٥٧ )

6. G.A Cole, Management theory and practice, D.P. publications England,1984, p: 63 7. Rouiger Dornbusch, Macro Economics , second canadran edition Mecgrow hill Ryerson Limited, 1985, P: 7

٨. فاضل عباس مهدي ، التنمية الأقتصادية والتخطيط الأقتصادي في العراق ١٩٦٠ ـ ١٩٧٠ ، بيروت ١٩٧٧ ص : (٤٧)

٩. د . حميد الجميلي ، البعد الأيدولوجي للعولمة الأقتصادية وإنعكاساتها على مستقبل الإقتصاد العربي مجلة بيت الحكمة ، سلسلة المائدة الحرة (٣٧) العولمة والمستقبل العربي ، بغداد ١٩٩٩ ، ص ( ٣٢ ) .

١٠ . د . عبدالوهاب مطر الداهري ، الأقتصاد الزراعي بغداد ١٩٨٠ .

١١ . د . عبدالمنعم السيد على ، مدخل في علم الإقتصاد الجزئي بغداد ، ١٩٨٤ ، ص : (١٦٩)

12. R. H pick, political Risk, forign investment, Monagement accounting, July 1988.

١٣ . د . طاهر الجنابي ، علم المالية العامة والتشريع المالي ، مطبعة جامعة موصل ، بلون سنة طبع ص : ( ١١٥ ) .

14. Roniger, dornbush, opcit p: 25

15. Lbid p: 30

١٦ . د . صقر أحمد صقر النضرية الأقتصادية الكلية ، الكويت ١٩٨٣ ، ص ٤٤٧ .

١٧ . كامران رقيب مفتي ، تحليل ديموغرافي لإقليم كوردستان للفترة ١٩٧٧ ـ ١٩٩٧ رسالة ماجستير غيرة منشورة مقدمة الى مجلس كلية الإدارة والإقتصاد بجامعة دهوك ١٩٩٩ ، ص : ١٣٨ .

١٨ . د . محمود الحمص التخطيط الإقتصادي ، دار الطليعة للطباعة والنشر ، بيروت ١٩٧٩ ، ص ١٦٦ .

١٩ . جورج موريس كلارك ، المؤسسات الأقتصادية وعلامتها بالرفاه الأنساني ، ترجمة برهان الدين دجاني مراجعة الدكتور يوسف صباح ، بيروت ١٩٥٨ ص : ١٤٨ .

## سەرچاوەكان


يەكەم : سەرچاوە عەرەبییەكان

١ ـ تومسون ، واين . سي ، مشكلات السكان ، ترجمة راشد البراري مكتبة الأنكلو المصرية ، القاهرة ١٩٦٩ .

٢ ـ الجنابي ، د . طاهر ، علم المالية العامة والتشريع المالي مطبعة جامعة موصل ، بلون سنة طبع ..

٣ ـ الجميلي ، د . حميد البعد الأيلولوجي للعولمة الأقتصادية وإنعكاساتها على مستقبل الأقتصاد العربي ، مجلة بيت الحكمة ، سلسلة المائدة الحرة ، العولمة والمستقبل العربي بغداد ١٩٦٩ .

٤ ـ الحمصي ، د محمود ، التخطيط الأقتصادي ، دار الطليعة للطباعة والنشر ، بيروت ١٩٧٩ .

٥ ـ الداهري ، د . عبد الوهاب مطر ، الأقتصاد الزراعي بغداد ١٩٨٠ ص٥٧ .

٦ ـ الزيفي ، د. عبد الحسين ، القيسي ، د . عبدالحليم الأحصاء السكاني ، جامعة بغداد (١٩٩٠ ) .

٧ ـ السيد علي ، ( د . عبدالمنعم ) مدخل في علم الأقتصاد مبادىء الأقتصاد الجزئي ، بغداد ١٩٨٤ .

٨ ـ صادق ، د . دولت أحمد ، الشرنوبي ، د . محمد عبدالرحمن الأسس الديموغرافية الجغرافية السكان ، مكتبة الأنكلو المصرية ، القاهرة ١٩٦١ .

٩ ـ صقر ، أحمد صقر ، النضرية ألقتصادية الكلية الكويت ١٩٨٣ .

١٠ ـ قرشي ، محمد خضر أثر الزيادة السكانية على عملية التنمية الأقتصادية ، مجمة النفط والتنمية العدد العاشر ، تموز ١٩٧٨ .

١١ ـ كلارك ، جورج مورسي المؤسسات الأقتصادية وعلاقتها بالرفاه الانساني ، ترجمة برهان الدين دجاني ، مراجعة الدكتور يوسف صايغ بيروت ١٩٥٨ .

١٢ ـ المفتي ، كامران رقيب تحليل ديموغرافي لأقليم كردستان للفترة ١٩٧٧ ـ ١٩٩٧ رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس الادارة والأقتصاد بجامعة دهوك ، ١٩٩٩


## سەرچاوە ئینگلیزیەكان


1.Cole, G,A, Management theory and Practice, D.P. publications,England, 1984 .
2.Dornbusch, Macroeconomics second cauadian edition, negrow hill, Ryerson limited, 1985 .
Pick, R.h, Political Risk forign investment, Management accounting , July 1988.
4. Un, Statistics office, Hand book of population, cencus method, stadies of Population, cencus method, stadies of methods series, No 5 vol 1 new york 1974 .

## کۆتایی

بە بەراورد کردن لەنێوان سەرچاوە سروشتییەکان ودانیشتوان لەوانەیە لە زۆر شوێنی جیهان کێشەی زۆر بونی دانیشتوان سەری هەڵدابێت ، بەلام لە کوردستاندا بە بەراوردکردن لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا کێشەی دانیشتوان نی‌یە کە خۆی لە زۆربونی دانشتواندا ببینێ.

ئەگەرچی کێشەی زۆری دانیشتوان لە کوردستاندا نی‌یە ، بەلام چەندین کێشەی دیکە هەیە تایبەتە بەهێزیکار کە کۆی دەکاتەوە لەگەل ولاتە تازە پێگەیشتوەکانی تر وەك شێوازی دابەشبونی دانیشتوان بە پی‌ی تەمەنەکان و هەمو ئەو هۆکارانەی تر کە ئاراستەی دانیشتوان دەکا بۆ نمونە کۆچبەری فراوانی گەنجان بۆ هەندەران کە بە داینەموی هێزی کار ئەژمار دەکرێت ئەگەر چی ئەرك و لێپرسراوێتی هێزی کار لە کوردوستاندا ئێجگار گەورەیەو بوونی بێکاری هێندەی دیکە ئەرکی هێزی کار قورس و ناهەموار تر دەکات بەلام جێگای داخە دیاردەی بیکاری زۆر بە ئاشکرا دەبینرێت و هەستی پێ دەکرێت وە ئەوانەش کە بە رواڵەت کار دەکەن زۆریان بە هۆی دەزگا بیروکراسیەکانەوە بێکاری رو پۆشراون کە لە چەندین رووەوە زیانی خۆیان دەگەیەننە ئابووری هەرێم و دەبێتە هۆکاری ئەوەی تواناکان نەتوانرێت بەباشی ئاراستە بکرێت .

لە پێناو باشتر ئاراستە کردنی هێزی کار دەبێت چەندین رێگا چارەی گونجاو بگیرێتە بەر بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکانی هێزی کار وەك ئاراستە کردنی خەرجیەکان لەو بوارانەی کە برێکی زۆر هەلی کار دەرەخسێنێ وە هەروەها کار کردن لە پێناو کەم کردنەوەی کۆبوونەوەی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە هێزی کار لە بوارە خزمەتگوزاریە حکومیەکان وەئاراستە کردنیان بۆ هەندێ بواری دیکە کە زیاتر خزمەت دەگەیەنێ بە ئابووری ئەویش لە رێگای کردنەوەو پیادە کردنی کۆمەڵێك پرۆژەی ستراتیژی لە پێناو تەکان پێدانی پرۆسەی گەشە پێدانی ئابووری و سەرکردایەتی کردنی ئەم پرۆسەی گەشە پێدانە وە هەروەها کار کردن بۆ زیاتر پێشخستنی ناوچە دواکەوتووەکان ئەمانە هەموو لە پێناو دابین کردنی هەلی کار و چارەسەر کردنی دیاردەی بێکاری .

## البطالة وآثارها الإقتصادية مع إشارة خاصة الى اقليم كوردستان العراق

تعانى كوردستان مثلها كمثل معظم البلدان النامية من بعض مشكلات السكان والتى يمكن الأشارة إليها خلال تزايد حجم ونسبة السكان دون سن العمل وهى نتيجة طبيعية للمعدلات العالية لنمو السكان والتى تقلل من حجم السكان في سن العمل ومن ثم حجم القوى العاملة التى يفترض بها أن تلعب دوراً كبيراً في العملية التنموية ولكن ولسوء الحظ فأن هذه البلدان تعانى من جميع أنواع البطالة والتى تسبب هدراً كبيراً في القدرات البشرية وتبدد العديد من فرص التنمية لذا فإن الحاجة تزداد للإعتماد على وسائل فعالة لحل مشكلة البطالة من خلال إقامة مشاريع إستراتيجية تقود العملية التنموية وتقلل من الفروق التى تفصل بين المناطق المختلفة وذلك من أجل دفع عملية التنمية ولأيجاد فرص عمل كافية تؤمن القضاء على ظاهرة البطالة .

## *Unemployment and it's Economical effects with special reference to Iraqi Kurdustan reagion*

***Iraqi Kurdstan Like the developing countries is suffering from population problms which we can indicat throughout increased population size under the age of working as a result of the high rate of population growth wich cause the decrease of the size of population of the age working and the size of labour force that must play a great role in the development process but unfortunately these countries Suffer also from all sorts of unemployment that case a great loss of human abilities and wandaring nunmerous development opportunities therefore the necessity increases to confidence effectual ways dependence to solve unemployment problem or at least to decreas its rate by constructing importance projects leading development process and deminishing the defferences wich separate the defferent reagion to push the development process and to obtain many opportunities of work to execute unemployment .***